# ئەوەی کە خۆشم ئەوێ

خەلیل عەبدلغەنی سندی

وەرگێڕانی عاسی زەنگنە

ئافرەتێک دڵی خۆی لە ناو
کۆپەڵەیەکی بەفریندا داناوە
لەودیوی دیوارە
ئاسنینەکاندا فڕێی داوە
دیواری هێندە بەرز لە تیشک و
گەرمی هەتاویش پارێزراوە
لە شوێنێکی دوور بێ نەخشە
بێ رابە بێ رێگە
هەموو جارێک وا دەزانم... منم براوە
دەڵێم ئەوە رێگەکەیە... دیوارەکەیە
نزیک بوومەتەوە... کەچی
هەر منم دۆڕاوە
نەخشە خەیاڵییەکانیشم گرتەبەر
ڕێگە هەڵەکانم گرتەبەر
رەنجەڕۆ بووم... مەزەنەم لێ گۆڕاوە
ئافرەتێکە نەخشەکان



لەت لەت دەکات
ڕێگە و شوێن پێیەکان
ون دەکات
گەر هەست بکات
ڕێگەی گەیشتن بۆ دڵی
دۆزراوەتەوە و جەنگاوەرەکە... وا دەگات
ئەم کێشەیە بووە بەپیشەم
لە نەخشەکان دەکۆڵمەوە
ڕێگەکان دیاری دەکەم
ڕووبەڕووی بەفرەکان
دەوەستمەوە
لە بەفر زیاتر هیچ نابینمەوە
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
گرینگترین شت ئەوەیە
خۆشەویستیم بۆ ئەو ئافرەتە
گەشە دەکات و... لە یادم ناچێتەوە
وەک جەنگاوەر بڕیارم داوە
یان سەرکەوتن
یاخۆ مردن
وەک کۆیلەیەک دەست
هەڵناگرم لە خۆشەویستی ئەو
هەموو ڕۆژێک
لە ژێر ڕەحمەتی بەفرا
مردنێک بە چاو دەبینم
کەچی هۆگری بوومە
بڕیارم... داوە
یا داگیرکردنی ئەو دڵە
یاخۆ مردن
یاخۆ مردن

